# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (هێڤسیلار ڕێبوار شەریف) دا کەپاڵەوانی خولەکانی بۆکسێن بوە لە دانیماک لە شاری ڕوسکیلدەدا

ئامادەکردنی
حەمەشوان شەریف

-هێڤەگیان ، دەتوانی باسێکی کورتی ژیانی خۆتمان بۆ بکەی !؟ .
بەڵێ بۆنا

-ناوم هێڤەیەو کوردم ولەکوردوستان لە ساڵی1991 لەدایک بووم و لەساڵی 1993وە لە شاری ئیسبێری(ESBJERG) لەدانیمارک دا دەژیم، ئارەزوم بۆ وەرزشی بۆکسێن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 2001 کەلە ئیسپیا بۆکسێن کلوب (EBBK) دەستم پێکردوە، من باوک ودایکم هەمیشەهاندەرمبوون و ئەم خەڵاتی دیبلۆمەش و مەدالیای ئاڵتونەش کەلەساڵی 200503 14 وەرم گرتوە بۆ چاکەی ئەوان دەگەڕێنمەوە و سوپاسیان دەکەم .

-هێڤە بەردەوام قسەی بۆدەکردم ومنیش ورد ورد خۆمم بۆکۆم کردبویەوەو گوێم بۆ ڕستەکانی هەڵدەخست !
وتی : یەکەمی هەمودانیمارک بوم لە کێشی خۆمدا کەمن(40)کیلۆم ،پاشان هەمو ئەو کاس ومەدالیایانەی پێنیشاندام کەخەڵات کرابوو لە شارەجیاجیاکانی دانیمارکدا وەک Kolden århus, helirod, ,، Vardr، هتد .

هێڤە ڕێبوار شەریف
هەتا ئێستا 16یاری براوەیە و سێ مەدالیای ئاڵتون و چوار مەدالیای زیویشی بردۆتەوە بەڵام مەدالیای هەشتەمی لەشاری ڕۆسکیلدە( ROSKILDE ) دا لەیاری وخولی 2005 کەناوی (National Beggnder mester skader 2005 بوە .هێڤە وەک پاڵەوانی ئەوخولە یەکەمی بەدەست هێناوە لەسەرتاسەری دانیمارکدا و جارێکیش لە وڵاتی سوید و ئەڵمانی بردۆتەوە وخەڵات کراوە .

-هێڤسیلار بەڕێگەشەوە دەجولایەوە و دواڕۆژێکی ڕووناک لەچاوەکانیدا دەگەشەیاوە بۆیە وتم :-
هێڤە گیان دوا ئارەزوت بڵێ بەمنداڵانی کورد و چ ئامۆژگاریەکت هەیە بۆیان .
هێڤە وتی لە باوکمەوە فێربوم کە دەڵێ :
ئێمە گەلێکی زۆر چەوساوەین و زۆر غەدرمان لێکراوە و ویستویانە هەرگیز پێشنەکەوین لەهیچ بوارێکدا ، دەبا بزانن دوژمنانی کورد کە ئەوە من منداڵێکی کوردم و سێ بڕوانامەی دیبلۆمم بەدەست هێناوە وە چاوەڕێ و بە خەونی باشترین خەڵاتی جیهانیەوەم ،

- سەری بۆ بەرز دەیروانی و
وتی : هەمو منداڵانی کوردو جیهانم خۆشدەوێ ، حەزدەکەم ئەوانیش وەرزش بکەن چونکە وەرزش نایەڵێ زوو پیر بیت چونکە من لە پیری زۆر دەترسم ....
- سوپاس هێڤەگیان بۆ ئەم دیدارە کورتە .
- سوپاس